چاوەکان فرمێسک دەڕێژن ودڵ تەنگ دەبێت، وهیچ شتێک ناڵێین مەگەر ئەوە نەبێت کە پەروەردگارمان لێی ڕازییە، وئێمە بەهۆی جیابوونەوەی تۆ دڵتەنگین ئەی ئیبراهیم

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- چوو بۆ لای ئیبراهیمی کوڕی کاتێک لە سەرەمەرگدا بوو، چاوەکانی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فرمێسکی لێدەهاتە خوارەوە.
عبدالرحمانی کوڕی عەوف ووتی: هەروەها تۆیش ئەی پێغەمبەری خودا ؟! فەرمووی: «ئەی ئیبن عەوف، ئەمە (فرمێسکی) ڕەحمەتە»، پاشان قسەیەکی تری کرد، فەرمووی: «چاوەکان فرمێسک دەڕێژن ودڵ تەنگ دەبێت، وهیچ شتێک ناڵێین مەگەر ئەوە نەبێت کە پەروەردگارمان لێی ڕازییە، وئێمە بەهۆی جیابوونەوەی تۆ دڵتەنگین ئەی ئیبراهیم».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- چوو بۆ لای ئیبراهیمی کوڕی کاتێک لە سەرەمەرگدا بوو، چاوەکانی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فرمێسکی لێدەهاتە خوارەوە. عبدالرحمانی کوڕی عەوف ووتی: هەروەها تۆیش ئەی پێغەمبەری خودا ؟! ئەمیش لە ڕوانگەی سەرسوڕمانەوە، واتا خەڵکی لەسەر ناخۆشیەکان ئارام ناگرن وتۆیش وەکو ئەوان کردەوە دەکەیت ؟! سەیر بوو بە لایەوە چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەردەوام ئامۆژگاری دەکردن بە ئارامگرتن ودوور بوون لە بێهوا بوون ودەربڕینی ناڕازی بەرامبەر قەزا وقەدەری خودا. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: (ئەی ئیبن عەوف، ئەمە -فرمێسکی- ڕەحمەتە): واتا ئەو حاڵەتەی بینیت لە منەوە بەهۆی نەرم ونیانی وخۆشەویستیە بەرامبەر کوڕەکەم. پاشان فەرمووی: (چاوەکان فرمێسک دەڕێژن ودڵ تەنگ دەبێت، وهیچ شتێک ناڵێین مەگەر ئەوە نەبێت کە پەروەردگارمان لێی ڕازیی): واتا ناڕازی دەرناپڕین بەهیچ شێوەیەک وئارام دەگرین لەسەر قەزا وقەدەری خوای گەورە. (وئێمە بەهۆی جیابوونەوەی تۆ دڵتەنگین ئەی ئیبراهیم): ڕەحمەت وبەزەیی دەربڕین وگریانێک کە ناڕازی بوونی پێوە دیار نەبێت دژی ئارام گرتن وباوەڕ هێنان بە قەزا وقەدەر نییە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5026

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee